Maahanmuuttovirasto
Migrationsverket
Finnish Immigration Service

TURVAPAIKKA-, MAAHANMUUTTO- JA KOTOUTTAMISRAHASTO
Euroopan unionin tuella

# چاوپێکەوتنی پەنابەرێتی

بۆ لێدوانی پەنابەرێتی لە فەرمانگەی کۆچ بانگ کراوی، کە لە ڕێگەی پەیوەندیی فیدیۆییەوە ساز دەکرێت. ئەم ڕێنمایانە باش بخوێنەوە کە باسی ماف و ئەرکەکانت لە لێدوانەکە دەکەن. ئەگەر پرسیارێکت هەبێت، دەتوانیت لە سەرەتایی لێدوانەکەدا ئاراستەی کارمەندی فەرمانگەی کۆچیان بکەیت.

## مەبەست لە لێدوان چییە؟

- لە فینلەند داوای پەنابەرێتیت کردووە. لە لێدوانەکەتدا لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو هۆکارانە دەکرێت کە بۆچی داوای مافی پەنابەرێتیت کردووە و ناتوانیت بگەڕێیتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆت.
- گرینگە کە هەموو ئەو هۆکارەکانەی کە بۆچی داوای پەنابەرێتی دەکەی لەم لێدوانەدا باس بکەی. لە پاش لێدوانەکەشدا ئەگەر هۆکاری نوێت بۆ درووست بوو، یان زانیاری و ڕوونکردنەوەی نوێترت سەبارەت بە بابەتەکانی پەیوەندیدار بە داواکارییەکەتەوە هەبێ دەستەوبەجێ بە فەرمانگەی کۆچیان ڕابگەیەنە، ئەگینا لە کاتی تاووتوێ کرانی سکاڵاکەت لە دادگا دا ئاراستەی ئەوەیان بکە.
- لە لێدوانەکەدا لێکۆڵینەوە تەنها لەسەر پەنابەرێتی دەکرێت. ئەگەر لە فینلەندا خێزانت هەبێت، دەکرێ داوای مۆڵەتی دانیشتن لەسەر بنەمای خێزان بکەیت. بۆ ئەوە دەبێت داوانامەیەکی تایبەت پێشکەش بکەیت کە بە پارەیە.

## مافەکانت لە لێدواندا چین؟

- مافت هەیە لە لێدواندا پارێزەر بەکار بێنیت. پارێزەرەکەتبە هەڵسەنگاندنی خۆی بڕیار دەدات کە بەشداری لێدوانەکەت دەبێت یان نا.
- پێویستە لەسەرت خۆت پارێزەر پەیدا بکەیت. ئەگەر بۆ چاوپێکەوتنەکە پارێزەرت نەهێنا، دەتوانین بەبێ پارێزەریش چاوپێکەوتنەکە ئەنجام بدەین.

- له لێدوانەکەدا وەرگێری زارەکی هەیە. کاری وەرگێری زارەکی ئەوەیە کە بە بێلایەنی هەموو قسەکان وەرگێرێ. وەرگێری زارەکی دەتوانێت لەوێ ئامادە بێت یان لەسەر تەلەفۆن یان بە رێگای ڤیدیۆ بێت.
- لێپرسەر و وەرگێری زارەکی و پارێزەر ئەرکی پاراستنی نهێنییان لەسەر شانە، بەم واتایە کە ئەوان ناتوانن ئەو قسانەی لە لێدوانەکەدا بیستوویانە لای هیچ کەسێکت دەرەکی بدرکێنن. بەڵگەنامەکانی سەبارەت بە بابەتەکەی تۆ بە نهێنی دەپارێزرێن. بەڵام ئەو شتانەی لە چاوپێکەوتنەکەدا باسیان دەکەیت دەکرێت کاریگەرییان هەبێت بۆ سەر تاوتوێکردنی داوانامەی ئەندامی خێزانەکەت. لەم جۆرە حاڵەتانەدا ئەو شتانە لە دۆسیەی ئەندامی خێزانەکەتدا ڕەچاو دەکەین. بەڵام دەشتوانین ئەو شتانەی کە تۆ باسیان دەکەیت لە ئەندامی خێزانەکەت بە نهێنی ڕابگرین ئەگەر ئاشکراکردنیان ببێتە هۆی مەترسی یان زیان بۆ تۆ یان کەسە نزیکەکانت. دەتوانیت لە چاوپێکەوتنەدا ڕای خۆت لەم بارەیەوە ڕابگەیەنیت.
- بەڵگەنامەکانی سەبارەت بە بابەتەکەی تۆ بە نهێنی دەپارێزرێن.

## ئەرکەکانت لە لێدواندا چین؟

- لەسەر تۆ ئەرکە باس و ڕوونکردنەوە لەسەر ئەوە بدەیت کە بۆچی داوای پەنابەرێتی دەکەیت. لە بەرژەوەندی خۆتدایە لە لێدوانەکەتدا ڕاستگۆیانە باس لە هەموو هۆکارەکانی کاریگەر لەسەر بابەتەکەتدا بکەیت.
- لە بەرژەوەندیی خۆتدایە هەروەها باسی بابەتی قورسیش بکەیت. لەوانەیە هەر ئەو بابەتە دژوارانە لەسەر بڕیار بۆ داواکارییەکەت چارەساز بن.
- ئەگەر شتێک لەبیرت نەمابێت یان نەزانیت، هەوڵ مەدە وەڵامەکان لە لایەن خۆتەوە درووست بکەیت. وتنی زانیاری هەڵە ئاستی باوەڕپێکردن بە داواکارییەکەت دادەبەزێنێ.
- لە لێدوانەکەدا زانیارەکانی ناسنامەیی خۆت ڕاست بدە. لە چاوپێکەوتنەکە دا زانیارییە کەسێتیە ڕاستەکانت ڕابگەیەنە. ئەگەر ئەو بەڵگەنامانەت نییە کە لەسەر بنەمایان ناسنامەی کەسێتیی تۆ پشتڕاست بکرێتەوە، پێویستە هەموو هەوڵی خۆت بدەیت ئەو بەڵگەنامانە بەدەست بێنیت و پێشکەشی فەرمانگەی کۆچیان بکەیت. ئەو جۆرە بەڵگەنامانە دەکرێت بۆ نموونە بەڵگەنامەکانی ناسنامەی کەسێتی یان بەڵگەنامەکانی گەشت کردن بێت. بەڵام بەهەر حاڵ فەرمانگەی کۆچ ناتوانێت پابەندت بکات بەوەی کە بە شێوازێک ئەو ڕوونکردنەوانە پەیدا بکەیت کە ئەمنیەتی خۆت یان کەسە نزیکەکانت بخاتە مەترسییەوە. لە دواییدا دەتوانی زانیارییەکانی ناسنامەییت بگۆڕی، ئەگەر ناسنامەی فەرمی و یاسایی وڵات نیشان بدەی.
- فەرمانگەی کۆچ زانیارییە کەسێتیەکانت و بنەمای داواکەت لە سیستەمی تاوتوێکردنی کەیسەکانی کاروباری بیانیەکان دەپارێزێت کە تۆمارێکی فەرمیە.
- پێشکەشکردنی زانیاریی ناسنامەی هەڵە بە کاربەدەستان و پێدانی زانیاریی ناڕاست بە تۆماری فەرمی بە پێی یاسا تاوانە و سزای بەدواوەیە.
- سەرنج بدە، دانی زانیارییەکانی ناسنامەیی هەڵە یان شاردنەوەی زانیاری درووست لەوانەیە ببێتە هۆی هەڵوەشانەوەی مافی مانەوەی پێدراو ، هەروەها درووست بوونی کۆسپ لەسەر تاووتوێ کرانی داواکارییەکانی دیکەت دا.

## چۆن باشە خۆت بۆ لێدوان ئامادە بکەیت؟

- ڕێنمایەکان و نامیلکەکانی لە لایەن کارمەندەکانەوە پێت دراون باش بخوێنە. هەروەها گرینگە هەموو ڕێنمایی و زانیارییەکانی دابەشکراو لەسەر ڕێ و شوێنی ناسراوە بە فەرماننامەی دابلین بخوێنییەوە. ئەگەر تۆ تا ئێستاش ئەم نامیلکانەت دەست نەکەوتوون، لەم ناونیشانەوە سەردانی وێبپەڕی فەرمانگەی کۆچ بکە: migri.fi/esitteet. بە دوای ئەویش دا کە لاپەڕەکە کرایەوە کرتە بکە لەسەر ئەم بابەتە "Turvapaikka ja Dublin-menettely" و لەوێدا زانیارییەکان دەدۆزییەوە.
- ئەگەر هۆی پاساودارت هەبێت بۆ ئەوەی هیوادار بیت وەرگێری زارەکییەکەت یان چاوپێکەوتنکارەکە ژن بێت یان پیاو بێت، ئەوە هەر چی خێراتر بەر لە لێدوانەکەت بە کارمەندەکانی کەمپەکەت بڵێت. ناوەندی پێشوازیکردن لە پەناخواز داواکەت بە فەرمانگەی کۆچ ڕادەگەیەنێ. ئەگەر لە یەکەی دەستبەسەرداگرتنیت یان لە دەزگایەکی تریت، بابەتەکە بۆ کارمەندی شوێنی حەوانەوەکەت باس بکە. فەرمانگەی کۆچ هەڵسەنگاندن بۆ ئەوە دەکات کە ئایا هۆیەکە پاساوی هەیە یان نا.

- ئەگەر لە بواری جەستەیی یان دەروونییەوە تەندروستیت ئەوها بێت کە کارتێکردنی لەسەر لێدوانەکەت دەبێت، باسی ئەوە بۆ کارمەندەکانی کەمپەکەت بکە. کەمپەکەت لەسەر ڕێپێدانی خۆت دەتوانێت بەر لە لێدوانەکەت لەسەر ئەمە فەرمانگەی کۆچ ئاگادار بکەنەوە. ئەگەر لە یەکەی دەستبەسەرداگرتنیت یان لە دەزگایەکی تریت، بابەتەکە بۆ کارمەندی شوێنی حەوانەوەکەت باس بکە.
- نان یان پارەی بۆ نانخواردن لەگەڵ خۆت بێنە. ئەگەر بوار و توانات هەیە، دەتوانیت بڕۆیت و لە شوێنێکی تر نان بخۆیت.
- ئەو داو و دەرمانانەی کە لە ماوەی ڕۆژدا پێویستت دەبن، لەگەڵ خۆت بێنە.
- پێش لێدوانەکە، ڕوونکردنەوەکانی تر بۆ فەرمانگەی کۆچ بنێرە. ئەگەر ماوەیەکی کەم ماوە بۆ کاتی لێدوانەکە، هەموو بەڵگەنامەکان و شتەکانی دیکەی پەیوەندیدار بە بابەتەکەوە لەگەڵ خۆت بێنە.
- منداڵ لەگەڵ خۆت مەهێنە ئەگەر ئەوانیش بانگ نەکرابن بۆ لێدوانە. ئەگەر پێویستیت هەبێت بە چاودێرێک بۆ منداڵەکانت لە ماوەی لێدوانەدا، هەرچی خێراتر بەر لە لێدوانەکەت کەمپەکەت ئاگادار بکەوە.
- لە کاتی دیاریکراودا ئامادە بە.

## لە ڕۆژی لێدوانەکەدا بەم جۆرە بکە

- ناتوانیت بەبێ هۆیەکی پەسەند چاوپێکەوتنەکە دوابخەیت. ئەگەر لە ڕۆژی چاوپێکەوتنەکەدا نەخۆش کەوتیت، دەستبەجێ ناوەندی پێشوازیەکەت ئاگادار بکەرەوە. پێویستە لەسەرت لە ماوەیەکدا کە ١ هەفتە زیاتر تێنەپەڕیت ڕاپۆرتی پەرستار یان دوکتۆری ناوەندی پێشوازییەکەت سەبارەت بە نەخۆشکەوتنەکەت پێشکەشی فەرمانگەی کۆچ بکەیت. ئەگەر بەبێ هیچ هۆیەکی پەسەند ئامادەی چاوپێکەوتنی پەنابەرییەکە نەبیت، دەتوانرێت بەبێ چاوپێکەوتنیش بڕیار لەسەر داواکەت بدرێت.
- تەنها کەسەکانی بانگکراو بۆ لێدوان و کەسەکانی کە پێشتر فەرمانگەی کۆچ ڕێگای پێیان داوە دەتوانن بەشداری بکەن لە لێدوانەکەدا.
- ئەگەر بتەوێت پارمەتیدەرێک لەگەڵت بێت، بەر لە کاتی لێدوان دەبێ خۆت یان پارمەتیدەرەکە داوای ڕێگا پێدانی لە فەرمانگەی کۆچ بکات. ئەگەر پێشتر ئەو داوایە نەکردبێت، لێپرسکەر بڕیار دەدات کە مافی ئامادەبوون بەو کەسە دەدات یان نا. یارمەتیدەر پارێزەر نییە و بۆی نییە بەشداری لە ڕوونکردنەوەی بابەتەکاندا بکا.
- لێپرسکەرەکەت کارمەندێکی فەرمانگەی کۆچە.
- دەنگی لێدوانەکەت تۆمار دەکرێت. جگە لەوەش لەوانەیە لە ژوورەکەدا کامێرای چاودێریی تۆمارکەریش هەبێت.
- لەوانەیە کە لێدوانەکەت تەواوی ڕۆژ بخایەنێت. لە ماوەی ڕۆژدا پشوودانێک بۆ نانخواردن و هەندێک پشوودانی دیکەش دەدرێن. تۆش هەردەم دەتوانیت داوای پشوودان بکەی.
- ئەگەر پێویست بکا لە ڕۆژێکی دیکەدا درێژە بە لێدوانەکەت دەدرێ کە بۆ ئەم مەبەستش پاش ماوەیەک کاتی چاوپێکەوتنی نوێت پێڕادەگەیەندرێ.

## لە لێدواندا چی دەکرێت؟

- لە سەرەتای لێدوانەکەدا لێپرسکەر پێت دەڵێ کە چی دەکرێت و مسۆگەر دەکات کە دەزانیت ماف و ئەرکەکانت چین. پرسیار بکە ئەگەر شتێک تێناگەیت. بڵێ ئەگەر لە وەرگێڕی زارەکی تێنەگەییشتی.
- ئەگەر پێشتر ناسنامەییت تاووتوێ نەکرابێ، لێپرسکەرەکە لەو بارەوە دەپرسێت. پرسیار دەکات خێزانەکەت لە چەند کەسێک پێکهاتووە، لە کوێ ژیاویت و چۆن و بە چ ڕێگایەکەوە بۆ فینلەندا هاتوویت. چاوپێکەوتنکار ئەو شتانەشت لەگەڵدا ڕوون دەکاتەوە کە کاریگەرییان دەبێت بۆ سەر ئەوەی کە ئاخۆ داواکەت لە فینلەندا تاوتوێ دەکرێت لێکۆڵینەوەی لێ ناکرێت.
- دوای ئەمە، هۆکارەکانی ڕاکردنت لە وڵاتەکەتەوە، هەروەها هۆکاری ئەوەی کە بۆچی ناتوانی بگەڕێیتەوە تاوتوێ دەکرێن. لەسەر هەمووی ئەو ڕووداوانەی کە بەسەر خۆت هاتوون ڕاستگۆیانە و ئەوەندەی دەتوانی بە وردەکارییەوە بدوێ.

- لێپرسکەرەکە هەندێک پرسیاری وردەکاریت لێدەکات لەسەر ئەو بابەتانەی کە باسیان دەکەیت. ڕاستگۆیانە وڵام بدەوە. بڵێ ئەگەر شتێک نازانیت یان لە بیرت نەماوە.
- فەرمانگەی کۆچ دەتوانێت لە چاوپێکەوتنەکەدا گوێ لەو ڕوونکردنەوانەی تۆ بگرێت کە دەکرێت کاریگەرییان هەبێت بۆ سەر چارەسەرکردنی بابەتەکەت. بۆ نموونە ئەگەر گومانی تاوانکاریت لەسەر بێت لە فینلەندا یان ئەگەر بەهۆی تاوانەوە لە لە فینلەندا حوکم درابیت، ئەوەی بۆی هەیە کاریگەری بکاتە سەر تاوتوێکردنی بابەتەکە لە فەرمانگەی کۆچدا. فەرمانگەی کۆچ لە چاوپێکەوتنەکەدا ئەگەر پێویست بکات دەرفەتی ئەوەت دەداتێ کە ڕای خۆت لەو بارەیەوە بڵێیت.
- هەندێک پرسیار لە هەموو پەناخوازەکان دەکرێن. بۆ نموونە لێپرسکەرەکە لێت دەپرسێت کە بۆچوونت لەسەر ئەوە چییە کە ئەگەر لێرە دەرت بکەن و قەدەخەی هاتنەوە لەسەرت بسەپێندرێ.
- لێدوانکارەکە لەگەڵ تۆدا بە بەشێک یان بە تەواوی تۆمارە نووسراوەکەی لێدوانەکە دا دەچێتەوە، ئەگەر خزمەتگوزاری کۆچبەری بە پێویستی بزانێت. ئەگەر چاوپێکەوتنکار لە کاتی چاوپێکەوتنەکە دا لەگەڵ تۆ بە تەواوی بەسەر تۆماری نووسراوی لێدوانەکە دا نەچێتەوە، ڕێکەوتێکت پێ دەدرێت کە تا ئەو ڕێکەوتە دەتوانیت زیادکردن و ڕاستکردنەوە پێشکەش بکەیت بۆ نووسینیان لە تۆماری چاوپێکەوتنەکە دا. کۆپییەکی تۆمارە نووسراوەکە بۆ خۆت وەردەگریت.

## فەرمانگەی کۆچ چۆن بڕیار دەدات؟

- بە گەێرەی داواکارییەکەی خۆت لەوانەیە مافی پەنابەرێتی یان مافی نیشتەجێبوویی بەهۆی مافی تاکەکەسی یان نیشتەجێبوویی بە هۆی بوون بە قوربانی بازرگانی مرۆڤ بە تۆ بدرێت.
- فەرمانگەی کۆچ لەسەر داواکارییەکەت بڕیارت بۆ دەردەکات، بڕیارەکە لەسەر ئەو قسانەی خۆت دەبێت کە لە لێدوانی پەنابەرێتیدا باست کردوون و ئەو بەڵگەنامانەی کە ڕادەستی ئەم فەرمانگەیەت کردوون. هەروەها فەرمانگەی کۆچ دەتوانێت لە سەرچاوە گشتییەکاندا بەدوای ئەو زانیارییە سەرەکییانەدا بگەڕیت کە لە ڕووی بڕیارەکەوە پێویستن.
- فەرمانگەی کۆچ بۆی هەیە لێکۆڵینەوە لەسەر ڕاستەقینە بوونی بەڵگەنامەکانت بکات.  فەرمانگەی کۆچ زانیاری لەو بارەدا بە کاربەدەستانی وڵاتەکەت نادات و لێکۆڵینەوەکە نابێت بە مەترسی لەسەر تۆ یان کەسوکارت.
- ئەگەر چاوپێکەوتنکار لە کاتی چاوپێکەوتنەکە دا لەگەڵ تۆ بە تەواوی بە سەر تۆماری نووسراوی لێدوانەکە دا نەچێتەوە، ڕێکەوتێکت پێ دەدرێت کە تا ئەو ڕێکەوتە دەتوانیت زیادکردن و ڕاستکردنەوە پێشکەش بکەیت بۆ نووسینیان لە تۆماری چاوپێکەوتنەکە. تەنانەت دوای ئەو وادەی دیاری کراویش دەتوانیت زانیاری زیاتری پەیوەست بە داواکارییەکەت بنێریت تا ئەو کاتەی بڕیار لەسەر داواکارییەکەت وەردەگریت. تکایە ئاگاداربە کە لەوانەیە ئەو زانیاریانەی کە لە دوای وادەی دیاری کراو پێشکەش دەکرێن، لە بڕیارەکە دا لەبەرچاو نەگیرێن. ڕوونکردنەوەی زیاتر بە نووسراوە پێشکەش بکە .
- ئەگەر داواکەت ڕەت بکرێت، دەکرێ تۆ لە فینلەن دەربکەین و هاتنەوەت بۆ فینلەند یان وڵاتانی دیکەی هاوپەیمانی شێنگێن قەدەخە بکرێت.
- ئەگەر داواکەت ڕەت کرایەوە یان خۆت داوای پەنابەرییەکەت بکشێنیتەوە، مافی ئەوەت دەبێت کە داوای یارمەتی پێشکەش بکەیت بۆ گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە. بۆ بڕیاردان لەسەر پێدانی یارمەتییەکە چەند مەرجێکی دیاریکراو هەیە و کاتێک کە داوای یارمەتییەکە پێشکەش دەکەیت وردبینی لەو مەرجانە دەکرێت. لە ناوەندی پێشوازییەکەتدا پرسیاری ئامۆژگاری بکە، یانیش لە ماڵپەڕی migri.fi/paluu پرسگەی خزمەتەکانی فەرمانگەی کۆچدا سەیری زانیاریی زیاتر و زانیارییەکانی پەیوەندیکردن بکە.
- هەر هۆکارێکی نوێ بۆ پەنابەری هاتەپێش، دەستبەجێ کاربەدەستانی لێ ئاگادار بکەوە، تەنانەت ئەگەر دۆسیەی پەنابەریەکەت نەمابێت. ئەگەر بە زووترین کات زانیارییەکان یان هۆکارە نوێیەکان ڕانەگەیەنیت، ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەگەر داواکارییەکی نوێ لەسەر بنەمای ئەوانە پێشکەش بکەیت، لێکۆڵینەوەیان بۆ نەکرێت. پێویستە بۆ ئەو مەبەستە هۆیەکت هەبێت کە بۆچی پێشتر باسی ئەو بنەما نوێیانەت نەکردووە. دەبێت هۆیەکە لەو جۆرە بێت کە خۆت نەتتوانیوە کاریگەریت لەسەری هەبێت. دوای ئەوە فەرمانگەی کۆچ هەڵسەنگاندن دەکات کە ئایا لێکۆڵینەوە لە داوا نوێیەکەت بکرێت یان نا.